# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**باکووری**

ناوی تەواوی (ئەندریۆس ئیسرائیل خەممۆ)یە و لە (١٩٢٨/١١/٥) لە ناو قشلّەی کۆیەدا هاتۆتە دنیاوە، باوکی (ئیسرائیل خەممۆ یۆنان) ساڵی (١٩٠٤) لە گوندی (ساتی بەگ)ی سەر بە پارێزگای (وان)ی کوردستانی باکوور و دایکی (ئینیا لازار عەبدال) ساڵی (١٩١٠) لە گوندی (خەراشک)ی سەر بە هەمان پارێزگای کوردستانی باکوور، هاتوونەتە دنیاوە، دواتر لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهان، لە نێوان (١٩١٤ - ١٩١٨)دا، لە کوردستانی باکوور بەشەڕ و ڕاونان دەرکراون، کاتێکیش هەڵاتبوون، نەیانتوانیبوو، هیچ بەڵگەنامەیەکی وەک: تاپۆ، ڕەگەزنامە، پێناسەی شارستانی، لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، لەو کاتەدا خوا خوایان بووە، بە سەلامەتی بگەنە شوێنێکی دوورە دەستی ئاگری شەڕی سەفەربەر و لە دەست هێزەکانی (جەندرمەی عوسمانی)یان قوتاربن.

**سووک بن دەی دەی**

**سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی دەی تێ هەڵکەن لە گۆرانی**
**ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی**

* * *

**چاو ڕەش وەرە دەستم بگرە شەرمی ناوێ لە شایی**
**لە سەیران و زەماوەند و لە دۆڵ و کێو و چیایی**
**دەوەرە قوربان بگرین دەستان بۆ شایی بن دارانی**
**سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی تێ هەڵکەن لە گۆرانی**

ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی

* * *

لە نێو گوڵ و گوڵزاری دەشت چەند خۆشە بەزم و سەیران
لەگەڵ دەنگی دهۆڵ و زوڕنا لە بەستە و نەغمە و حەیران
دەوەرە چاو جوان بگرین دەستان بۆ شایی ناو دارانی
سووک بن دەی دەی ڕێک بن دەی دەی تێ هەڵکەن لە گۆرانی
ڕێکخەن پێتان گورج کەن خۆتان بۆ سووسکەیی و شێخانی


باکووری

زێڕینێ

هەی زێڕینێ و زێڕینێ    هەی زێڕینێ و زێڕینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

زێڕینەکەی تۆبزاوا منی کردووە بە داوا
گەر ماچکەم ئەو دوو چاوە
حەسرەتی دڵ نامینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    هەی زێڕینێ و زێڕینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

زێڕین کیژە کرمانجە    منی کوشتووە بە لەنجە
زێڕینم هەر ئامانجە    تاکو ڕوحم بمینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    هەی زێڕینێ و زێڕینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

* * *

دوو کچ وا لەو گوندەنە    یەکێکیان یاری منە
نەرم و شل و شەرمنە    جوانتر لە خاتوو زینێ

هەی زێڕینێ و زێڕینێ    هەی زێڕینێ و زێڕینێ
هەی زێڕینێ و زێڕینێ    کۆیە خۆشە با بچینێ

لە کتێبی («باکووری» تەمەنێک، گۆرانی و ئاواز و خۆشخوانی، دەزگای ئاراس، چاپخانەی پەروەردە، ٢٠٠٦ هەولێر)دا، هەندێ زانیاری و بابەتم بەرچاوکەوتووە، بە پێویستم زانیوە لێرەدا بیانخەمە ڕوو.

لە لاپەڕە (٣٤)دا هاتووە: «ساڵی (١٩٣٥) لە قوتابخانەی (کۆیەی دووەم) لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا قەیدکرام، لەو ساڵەو ساڵی دواتریش یەک مامۆستام دێتەوە بیر، کە مامۆستا (جەلال حەوێز) بوو، ئەم مامۆستا جەلالە، ئامێرێکی (عوود)ی هەبوو، لە ڕۆژانێکی وانەی (سروود)مان هەبوایە، بە عوودەوە دەهاتە لامان و سروودەکانی بە یارمەتی ئامێری عوودەوە بۆ دەگوتین و فێری دەکردین! کاتێکیش ساڵی (١٩٥٧) لە کۆیە وەک مامۆستای زمانی (ئینگلیزی) دامەزرام، لە دوکانی (بابەکە قادر) جارێکی دی مامۆستا جەلالم دیتەوەو گوتی: ئەو عوودەم هەرماوە، بەڵام هەندێ کەم و کورتی هەیە، منیش عوودەکەم لێ وەرگرت و هەموو کەماسیم بۆ تەواوکردو بۆم ناردەوە، جا



له منداڵییەوە ئەو عوودەی مامۆستا (جەلال حەویز) شێوەکەی، دەنگەکەی، لە مێشکم و خەیاڵمدا مایەوە! هەموو هەستم لە لای ئەوە بوو، حەزم دەکرد منیش ئامێری عوودم هەبێت و گۆرانی بڵێم....»

بڕوا بکەن من وەک موزیکژەنێکی کوردی خەڵکی شاری کۆیە، کاتێک ئەو هەواڵەی سەرەوەم لە کتێبەکەی مامۆستا (باکووری)دا خوێندەوە گەلێ پێی سەرسام بووم! چونکە من زووتر هەر وام زانیبوو (موزیک) مەبەستم لە ئامێرەکانی (عوود و کەمان و ئەوانەیە) لە ڕێگەی مامۆستا (باکووری)یەوە بە خەڵکی شاری کۆیە گەییوەو زووتر خەڵکی کۆیە هیچ شتێکیان دەربارەی ژەنینی ئەم ئامێرانەوە نەزانیوە! نووسینیشم هەیە زۆر زووتر بڵاوم کردۆتەوەو ئەو دەسپێشخەرییەی مامۆستا باکووریم (مەبەستم بوونی موزیکژەنی ئەو ئامێرانەی موزیک لە شاری کۆیە بۆ مامۆستا باکووری گەڕاندۆتەوە!) بەڵام سەیر لەوە دایە ئەو هونەرمەندەی من بەقەد کێوی (هەیبە سوڵتان) بەو بۆنەیەی (ئەو ئامێرانەی موزیکی، فێری لاوانی شارەکەم کردووە، ئەو یەکەم کەس بووە، ئەو ئامێرانەی بۆ شارەکەی من هێناوە) لام بەرزو گەورە بووە، سەیردەکەم و هەر بە دەست و خەتی خۆیشی دەنووسێت: ئەو هونەرمەندە (مەبەستم مامۆستا باکووری)یە، نەک هەر ئەو نەبووە، ئەو ئامێرانەی بۆ شارەکەم هێناوە! بگرە خۆیشی هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، لە هونەرمەندێکی خەڵکی شاری کۆیەوە لە (هونەرمەندی عوودژەن - جەلال حەویز)ەوە ئەو حەزی موزیکەی لە دڵدا چەسپیوە! نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت مامۆستا باکووری موزیکژەن بووەو لە کۆیە وەک فێرکاری ئامێرەکانی موزیک ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە ئەمە جگە لەوەی گۆرانیبێژیش بووە، لێرانەدا سەری ڕێزم بۆ ڕاستگۆیی مامۆستا باکووری دادەنەوێنم.

لە لاپەڕە (٣٨)یشدا مامۆستا باکووری جارێکی دی بۆ سەر ئەم بابەتە دەگەڕێتەوەو دەڵێت: مامۆستا (جەلال حەویز)م قەت لە یاد ناچێ! چونکە ئەو وانەی سروودی فێردەکردین، جا وەک پێشتر باسم کرد، بە یارمەتی ئامێری (عوود)ەوە، فێری سروودی دەکردین، وەک ئەم سروودانە:

**ئێمە کە منداڵ و نەوجەوانین**
**هەمووبەقوربانی نیشتمانین**

لەگەڵ سروودی:

**ئەی تۆپەکە فوتبۆڵەکە**
**من دێم لە دەستم ڕامەکە.**

بەگوێرەی قسەکانی سەرەوەی مامۆستا باکووری، مێژووی وانەی سروود کە بە یارمەتی ئامێرێکی موزیکەوە وەک وانە لە قوتابخانەکانی نێو شاری کۆیە گوتراوەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان، مامۆستا باکووری ساڵی (١٩٣٥) چۆتە قوتابخانەو مامۆستا (جەلال حەویز) ئەو کاتە مامۆستای وانەی سروود بووەو بە یارمەتی ئامێری (عوود)ەوە، سروودی فێری قوتابیان کردووە، بەڵام ئایا مامۆستا جەلال حەویز هەر ئەو ساڵی (باکووری) چۆتە قوتابخانە دەستی بەو کاری سروود گوتنەوەیە کردووە؟ یان ساڵانێک زووتریش لەسەر گوتنەوەی ئەو وانەی سرووده بەیارمەتی ئامێری عوودەوە بەردەوام بووە؟ دوای ئەوە مامۆستای هونەرمەند (جەلال حەویز) لەو سەردەمە زووەی کۆیە، ژەنینی ئەو ئامێری عوودە لە کوێ و لە چ کەسێکەوە فێربووە؟ پاشان ئەگەر ئەو مامۆستا هونەرمەندە هەوڵی تایبەتی نەدابێت، هۆنراوەی ئەو سروودانەی چۆن بە دەست هێناوە؟ ئەگەر گیانی نیشتمانپەروەری، هانی نەدابوایە، بۆ نموونە دەهات و هۆنراوەی (توورکی) و (عەرەبی)



وەک ئەو کاتە باوبووە، فێری قوتابییەکانی دەکرد!

لەلاپەڕە (٤٠)ی هەر ئەو کتێبەدا، مامۆستا باکووری دەڵێت: «لە کۆیە پیاوێکی دی هەبوو، شمشاڵی زۆرخۆش لێ دەدا، شەوان شمشاڵی لێ دەداو حەکایەتی دەگێڕایەوە، پێیان دەگوت (بەیت)، هەرجارە کەمێک شمشاڵی لێ دەداو ئینجا ڕووداوەکەی وەک حیکایەت دەگێڕایەوە.

کەسێکی تریش هەبوو، کوردی تورکیابوو، بە دیالێکتی کورمانجی دەدوا، جا ئەو کابرایە لێوی خوارەوەی شەق ببوو، بۆ دوو پارچە دابەش ببوو، بانگیان دەکرد (مەمەدسێ لچ)، یان (مەمەد لچ خوار) ئەو کابرایە (زوڕنای هەمبانە)ی دەژەند.»

مامۆستا باکووری لە لاپەڕە (٥١ - ٥٢)دا باسی چایخانەکەی (سەعدی ئاغا) بەم شێوەیە دەکات: «بە هاوینان گوێمان لە قەوانەکانی گرامافۆنی چایخانەی (سەعدی ئاغا) دەگرت، کە لە دامێن تەلاری (قشڵەی کۆیە) داینابوو، دیوارێکی بەبەرد و قوڕ و سەریشی بە (کەپر)دروست کردبوو، ئێواران پڕەبوو لە خەڵک شوێنێکی فێنک بوو گوڵیان لێ دەچاندو دەیان ڕشاند».

دیسان لە لاپەڕە (٢٥٢)ی ئەو کتێبەدا هاتووە «کاتێ خۆی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهاندا (ئاسوورییەکان) بە یارمەتی ئینگلیز بۆ عێراق هێنران و ماوەیەک لە نزیک شاری (باقوبە) خێوەتگەیەکیان بۆ دامەزراندن و لەوێ نیشتەجێ کران، لە پاشان حکومەتی عێراق دامەزراو مەلیک (فەیسەل)ی یەکەم هەڵبژێردرا بە مەلیکی عێراق، لەگەڵ حکوومەتەکەی ڕێک کەوتن کە ئاسوورییەکان لە کوردستان، لە هەندێ گوند و شارۆچکەدا، جێگەیان بۆ بکرێتەوە».

ئەوەی مامۆستا باکووری باسی دەکات، ئەوە نییە کە من زووتر تێی گەیشتبووم، من وام دەزانی ئاسوورییەکان لە ئەسڵدا خەڵکی ڕەسەنی کوردستانن ، بەڵام بە پێی قسەکانی مامۆستا باکووری بۆم دەرکەوت کە ئاسوورییەکان لە دوای دامەزراندنی (دەوڵەتی عیراق)، لە کوردستاندا نیشتەجێ کراون! دیارە وەک لە لاپەڕە (٣٠٨)ی ئەو کتێبەشدا، مامۆستا باکووری باسی لێوەدەکات و دەڵێت: «گەڕەکی (جیلوایی) لە شاری (کەرکووک) زۆربەی دانیشتوانی (ئاسوورین) ئەوانەیش هەر بە ئەسڵ هی گوندی جیلوایی کوردستانی باکوورن و لە شەڕی یەکەمی جیهاندا، دوای قەتل وعامی (ئەرمەن) و (ئاسووری) بەدەستی تورکەکان، ئاسوورییەکان هەڵاتوون و ساڵی (١٩٢٠) لە شاری (کەرکووک) نیشتەجێ کراون!»

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (٢٠/١٠/٢٠٠٦) جارێکی دی بە مەبەستی ساغ کردنەوەی هەندێ مەسەلەی تایبەت بە هونەری گۆرانی و مۆزیکی شاری کۆیە بۆ ماڵی مامۆستای بەڕێز باکووری چووم و لەوەوە زانیم کە: مامۆستا (شەفیق سابیر) عوودژەن نەبووە، بەڵام حەزی کردووە فێری ژەنینی ئەو ئامێرە ببێت، کەچی مامۆستا (جەلال حەویز) ئەو کاتە عوودژەنێکی زۆرباش بووە، مامۆستا باکووری گوتی: من ئاوازی ئەو سروودانەی مامۆستا جەلال حەویز فێری دەکردین، لە دەنگی ئامێری عوودەوە، وەرم دەگرتن نەک دەنگی خۆی، دەنگی خۆیم بیر نەماوە. دیسان مامۆستا باکووری بۆی گێڕامەوەو گوتی: جارێکیان (کەمالی ئامۆزات) کە هاوپۆلم بوو بۆی باس کردم و گوتی: ئەم شەو تا بەیانی نەخەوتووین و کەسێکمان میوان بوو، هەردوو چاوی کوێربوو، بەڵام عوودی دەژەند و گۆرانی زۆرخۆشی بۆمان دەگوت، باکووری گوتی: کاتێک بۆ بەغدا چووم، بۆ گۆرانی تۆمارکردن ئینجا زانیم ئەو میوانەی ماڵی مامت (حەسەنێ جزیری)بووە! مخابن کەمالی ئامۆزام نەماوە تا لێی بپرسم گۆرانیبێژ (حەسەنێ جزیری) کەی و چۆن و بە چی شێوەیەک هاتۆتە ماڵی ئێمە لە کۆیە! (وریا)

مامۆستا باکووری لە بەشی سێیەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)دا، بەدرێژی لەسەر بیرەوەری خۆی و دەنگخۆشی ناوداری کۆیە (حەمەدەمینی عەباسی)، نووسیوەو من لێرانەدا ئەوەندەی بۆ ئەم بابەتەی ئێمە لەبارە دەیخەمە ڕوو.

## حەمەدەمینی عەباسی کۆیی
## (١٩٢٦ - ١٩٩٦)

(مامۆستا باکووری) دەنووسێ: دوا دوای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمم زۆر چاک و ڕوون دێنەوە بیر، ئیتر لەوساوە دوای تەمەنی منداڵی و لە گەنجێتیمدا، زیاتر ناوی حەمەدەمین عەباسم دەبیست و لە چایخانەدا، لەگەڵ هەڤاڵانی خۆیدا دەمبینی، باوکی ئەو پیاوە پیشەی (لبادچی)بوو، هێشتا ئەوکات لەکۆیە، (ڕادیۆ) زۆر بڵاو نەببووەوە، تەنیا ماڵە دەوڵەمەندو ئاغاکان هەیانبوو، لەبەرئەوەی هێشتا ئێزگەی کوردی

(بەغدا) دانەمەزرابوو، بۆیە گۆرانیبێژە گەنجەکان لەو ساڵانەدا هەر گۆرانی و بەستەومەقامە فۆلکلۆرییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەیان دەگۆتەوە، ئەوانەش لە پیاوە بە تەمەنەکانی وەک: (سێوە و ئەحمەدی حەمە مەلا)و هونەرمەندانی تر فێریان ببوون! لە گۆرانییەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە کە بیرم ماون: (ئامینێم تاقانەی دایە، هەی کوڵەندە کوڵەندە، یارم ڕەشپۆشە بە پێچەوعەبا، لیمۆ هەی لیمۆ، شلەوخانان، وەی وەی بارانە، ئای لەڕێی کاریزە.) هەروەها بەستەی شایی وەک: (گەردوون من چی بکەم)، هەروەها لە مەقامەکانی ئەوکاتە لە کۆیە دەگوتران: (زوڵف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە وێنەی جەمالی یار لە دڵی من دایە.) کە هۆنراوەی شاعیری جوانەمەرگی کۆیی (دڵدار)ە، هەروەها هۆنراوە ناودارەکەی (دڵزار) کە دەڵێت:

**وەرە قوربان ئارامی دڵان**

**دەوەرە نازدار وەرە قوربان**

گۆرانی: **چیبکەم جەرگم سووتاوە.**

لێرانەدا هەندێ هۆنراوە دەخەمە ڕوو کە ئەو کاتە (لە سییەکاندا) لە شاری کۆیە بە بەستە، یان مەقام گوتراون: بۆ نموونە ئەو هۆنراوەیەی (وەفایی) کە بە مەقامی (چارگا) دەگۆترێت:

**لە باغان ئاهو ناڵین دێ**

**دەڵێن شای نێوگوڵان ڕۆیی**

لەگەڵ بەستەکەی:

**لەبەرنازی چاوبازان خواردن وخەوم خۆێناوە.**

دیسان شیعرێکی (ئەدەب):

**بە باڵا بڵند و بەقەد شووش و باریک**

**جەمالی ڕووناکی شەوی هەوری تاریک**

یان قەسیدە ناسکەکەی (پیرەمێرد):

**گلەیی لە کەس ناکەم بۆ بەختی خۆم ئەگریەم**

هەروەها شیعرەکانی (سافی هیرانی)وەک:

**بە قامەت خەرامان بە ڕوو ماهی تابان.**

ئەمانەو شیعرگەلێکی دی کە لە نێوان (١٩٣٦ - ١٩٤٠) لە کۆیە باوبوون.

ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەمان (حەمەدەمین عەباس پیرۆت)ە، ساڵی (١٩٢٦) لە کۆیە لەدایک بووە، دوای ئەوەی دوو ساڵ لە مەکتەب خوێندوویەتی، ئیدی مەکتەبی بە یەکجارەکی بەجێ هێشتووە، بەڵام دوای ئەوە خووی داوەتە فێربوون و گۆتنی (ستایشی ئایینی و مەولوود) خوێندنەوە، دواتر چۆتە مەولوودان و فێری (دەف) ژەنینیش بووە، هەر ئەو کاتە ئاشنایی لەگەڵ مەقام خوێنانی شارەکە پەیداکردووە و لەگەڵیاندا بۆ ناو باخ و ڕەزەکانی کۆیە چووە، هەروەها لە مەجلیسی گۆتن و لە (مەولوود)اندا، پێکەوە گۆرانی و مەقامیان گۆتووە، ساڵی (١٩٧٠) ماڵی هێناوەتە (هەولێر). لە ژیانیدا جگە لە کاری (لبادچی)یەتی کە پیشەی باوک و باپیرانی بووە، ماوەیەکی دوور و درێژیش چایخانەی کردۆتەوە و دواتر لە هەولێر لەگەڵ چەند هاوڕێی تەمەنیدا، بووە بە خاوەن (ئوتێل - مێرگەسوور) تا دواجار هەر لە هەولێر ڕۆژی (١٩٩٦/٩/١٠) کۆچی دوایی دەکات و تەرمی پیرۆزی دەبرێتەوە بۆ کۆیە و لەوێ بە خاک دەسپێردرێت.